# شەڕی ناوخۆ هەڵگیرسا و کەچی کورد هەر جیانەبۆوە!

هیوا بەکر

- نوسەری ئەمریکی ( ڕاڵف پیتەر ) کە هەردوو کتێبی :
( Beyond Baghdad و Post Modern War and Peace ) ی نوسی. لە وتارێکیدا بە ناو نیشانی (Betrayal)واتە (خیانەت) دەڵێت (*) :

" ئێمە بۆ خاتری بێ دەنگی و سەلامەتی بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکانی داهاتوو لە ئەمریکا وە هەروەها بۆ دڵخۆش کردنی دکتاتۆرەکانی دراوسێ ی ئێراق، ئێمە پاداشتی ئارەبەکانی ئێراقمان دایەوە ، ئەوانەی لە هەر فرسەتێکا کە بۆیان هەڵبکەوێت دەست لە ئەمریکییەکان ناپارێزن .. بە ڕاستی هەڵوێستی ئێمە : نا ئاکارانە و ناپاك و کەرانەیە....ئەمەش واتە ئەم هەڵوێستەی ئەمریکا – بە لای سیاسەت مەدارانەوە - بریتیە لە پەیام و نامەیەك کە ئەمریکا ئاراستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو دنیای دەکات و دەڵێت :

1) ئەمریکا سیقەی پێ ناکرێت. گرنگ نییە چەند و چی ئەکەیت بۆ ئەمریکا! گرنگ ئەوەیە ئەمریکا حسابی بۆ ناکرێت لە سەعاتەکانی تەنگانەدا.
2) ئەمریکا تەنها دەسەڵاتی بەلاوە گرنگە نەك دیموکراسی، مافی مرۆڤ یان مافی کەمینە. قسە زلەکانی ئەمریکا بێ مانان.
3) لەبەرئەوەی ئەمریکا گوێ نادات بە ئازادی کوردە هاوپەیمانەکانی کەواتە داگیرکردنی ئێراق تەنها بۆ نەوت بوو.

بەڕێز محەمەدی حاجی مەحمود دەڵێت:
" سەفیری ئەمریکا دەڵێت سەرکردە کوردەکان بە هەموو شتێك ڕازی دەبن و بە ئاواتەوە بووم جارێك عاجز ببن و ئێمە بە دوایاندا بچین " .(**)

هەرچەندە ئەوەی یەکەمیان قسەی پاری ئەو کەسەیە بەڵام ئێستاشی لەسەر بێت پڕاوپڕی مانا و پەندە لەسەر بێ دەربەستی ئەمریکا بەرامبەر بە کورد و خۆش باوەڕی سیاسەتمەدارانی کورد بە بەڵێنە ناوەرۆك بەتاڵەکانی. بە ڕاستی جێ ی سەرسوڕمان و هەڵوەستەیە کە ئاوا سەرکردایەتی کوردستان لە بازنەیەکی داخراودا دەسوڕێتەوە و لە چاوەڕوانیەکی کوشندەدایە بۆ فریاد ڕەسێك!

ئەگەر هەر لە سەروتارەکەی خۆمەوە دەست پێ بکەم، دەردەکەوێت کە چۆن سەرکردایەتی کوردستان بێ بەرنامە و ستراتیجێکی خۆماڵی کەوتۆتە گەمەیەکی زۆر ترسناکی نێوان یەکێك لە هەرە هێزە گەورەکانی ئەم سەر زەمینە و بەرەیەکی توندڕەوی شۆڤێنی و تیرۆریست. کە لە هەمووشی ترسناکتر دیارە تۆکمەیی و بەبەرنامەیی و ئامادەیی هەریەك لەو دوو بەرەیەیە بۆ هەرچی توندترکردن و خوێناوی تر کردنی گەمەکە بەڵام بە پێچەوانەوە و بە داخەوە سەرکردایەتی کوردستان لاواز و بێ بەرنامە و بێ هیچ ستراتیجیەتێکی کوردانە وا لە نێوان بەرداشی ئەو دوو ماشێنەدا ئێسك و پروسکی هەنجن هەنجن دەبێت. ڕەنگە ئەمە ڕەش بینیەك بێت بەڵام ببورن هەرچەند دەکەم ناتوانم گەش بین بم. ئەگەر زیاتر و ڕوونتر خاڵ لەسەر ووشەکان دانێم دەتوانم بە لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی خۆم ستراتیجێك و بەرنامەیەك بۆ هەر یەك لە هێزەکانی سەر گۆڕەپانی ئێراق لەم ساتەدا ببینم و بە پێچەوانەوەش شپرزەیی و بێ سەروبەری کوردان زیاتر تروسکاییەکی دی بەدی ناکەم. ئەگەر لە خودی ئەمریکاوە دەست پێ بکەم ، وا بزانم هەموومان ڕێکین لەسەر ئاست و رادەی بەرنامە ڕێژی و تۆکمەیی ستراتیجی ئەمریکی و ڕەنگە پێویست بە لێکدانەوەی من نەکات. هەروەك لە بەرامبەریشدا هەموومان بینیمان کە چۆن ئارەبەکان بە سوننە و شیعەیانەوە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و پلان لە دوای پلان هەوڵی شکست هێنان بە هەر بەرنامە و ستراتیجیەتێکی ئەمریکی دەهێننەوە کە دژ بە بەرژەوەندییەکانیان دەوەستن. بەڵام کە دێیتە سەر کورد لە بێ بەرنامەیی زیاتر هیچ شتێك بەدی ناکەیت کە پێی بوترێت ستراتیج! هەر دوێنێ بوو بەڕێز بارزانی ووتی :

"گەر شەڕی ناوخۆ ڕوودات ئێمە لەسەربەخۆیی زیاتر چ ڕێگە چارەیەکمان لەبەردەست نامێنێت "!

ئەی باشە ئەوەی ڕۆژانە لەسەر سکرین و لە میدیاکاندا دەیبینین شەڕی ناوخۆ نەبێت دەبێ چی بێت؟! دەزانین تورکیا ڕێگە نادات کە لەم کات و ڕەوشەدا ئێمە بانگی سەربەخۆیی بدەین! بەڵام خۆ کەس ڕێگەی لە کورد نەگرتووە کە هەندێك خۆپارێزی ( احتیاطات ) بگرنە بەر و لە ئێستەوە خۆمان لە پڕیشك و بلێسەی ئەو شەڕە ناوخۆیە بپارێزین ! باشە بۆچی زیاتر لە 5-6 ساڵ کورد کوردی کوشت لە باشووری کوردستان و نە سوننە و نە شیعە نەکەوتنە نێوانیان و بگرە تا توانیان ئاگرەکەیان خۆش کرد! ئاخر هەموو شتێك سنووری خۆی هەیە و ئەم ئێراقچێتیەی ئێوەش لە تام دەرچووە! بەڵام دیارە گلەییەکە هەر بەرۆکی ئێوە ناگرێت و ئێمەش وەك تاك دیارە بەرپرسیارین لە نەبوونی ستراتیجێکی خۆماڵی و کوردانە! وەك ووتم ئەم گەمەیە زۆر ئاڵۆزە و پێویستی بە بەرنامە ڕێژی و ستراتیجێکی پتەو هەیە نەك تەنها چاوەڕوانی ! لە کاتێکدا شەڕی ناوخۆ بە کردەوە دەستی پێکردووە و دوژمنانیشمان لە هەوڵی زیاتردان بۆ لە نێو بردنی ئەو تەنها تروسکاییەی کە کورد هەیەتی، دەبێت ڕۆشنبیر و کەسایەتییە دڵسۆزەکانی کورد زۆر لەوە گەورەتر و فراوانتر بیر بکەنەوە و نەکەونە داوی دوژمنانەوە. نموونەی وەك بەکارهێنانی کۆمەڵە پرەنسیپ و ئارێشەیەك کە هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگەی کوردەوارییە نابێت سەرەداوی ئارێشە و مەسەلە چارەنوس سازەکان لە کوردان وون بکات! بابەتی جیابوونەوەی لیستی یەکگرتوو لە پێش هەڵبژاردنەکان و کێشەکەی دکتۆر کەمال سەید قادر نموونەی زیندووی ئەم مەسەلەیەن و وەك ڕۆژی ڕووناك دەری دەخات کە دوژمنان لە بۆسەدان و کوردانیش هەتا بڵێ ی بێ چەك و تفاقن. وەك لە پێشدا ئاماژەم پێ دا چارەنوسی کوردستان کەوتۆتە ناو گەمەیەکی زۆر ئاڵۆزی سیاسی و دپلۆماسی و تەنانەت سەربازیشەوە کە بە بێ ستراتیجێکی پوخت کوردانە و خۆماڵی بردنەوەی زۆر زۆر زەحمەتە. ئەگەر ئەمڕۆ پاراستنی ئازادی تاك و بنیات نانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەموو ڕۆشنبیران و نووسەران و سیاسەتمەداران و کوردانی ئەوروپای بە تایبەت سەرقاڵ کردووە ! ئەگەر ئەمڕۆ باس باسی دکتۆر کەمال ەو هەمووومان داوای ئازاد کردنی دەکەین ، باوەڕتان بێت هاوتەریب لەگەڵ ئەو کۆمەڵێك ئارێشەی چارەنوس سازتر هەن کە هەوڵ و کەمپینی هاوشێوە و بگرە فراوانتریشی گەرەکە!

(*) ئەم ووتارە بەرواری 2004/6/11 لە New York Post بڵاوکرایەوە.
(*) ڕۆژنامەی میدیا ژمارە 222 بەرواری 2005/12/27